ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**دروستکردنی چوارچێوەی جوولاو**

نووسەر : Pshko
@: Rwandizy@Gmail.com

لەم بابەتەدا چۆنیەتی دروستکردنی چوارچێوەیەکی جوولاو و جوان شی دەکەمەوە، کە زۆر بە ئاسانی دەکرێت لەسەر وێنەکان دابنرێت و پاشان لەسەر کۆمپیوتەر یان لەسەر وێب بەکار ببرێن.

لە سەرەتادا لاپەرەیەکی نوێ بکەوە کە درێژیەکەی 4 پیکسل بێت و پانییەکەشی 2 پیکسل




چەند دەکرێت وێنەکە گەورە بکەوە
دواتر بە ئامرازی Rectangular marquee نیوەی وێنەکە دیاری بکە.






بە ئامرازی Paint bucket ئەو بەشە دیاری کراوە ڕەنگ بکە، گرنگ نیە چ ڕەنگێك هەڵدەبژێری.






پەنجە بنێ بە هەردوو دووگمەکانی Ctrl و A لەسەر تەختەکلیلی کۆمپیوتەرەکەت، پاشان لە لیستەی Edit دا Define Pattern کرتە بکە. لەو پەنجەرەیەی کە دەکرێتەوە OK کرتە بکە.

لاپەرەیەکی تر بکەوە بە هەمان قەبارە بەڵام ئەم جارە لە باتی بەشی ڕاست ڕەنگ بکەی بەشی چەپ ڕەنگ بکە،



هەمان کردەوەی پێشوو ئەنجام بدە

دواتر لاپەرەیەکی تر بکەوە، ئەو جارە درێژیەکەی 2 پیکسل بێت و پانییەکەی 4 پیکسل بێت




ئەم جارە لای سەرەوە رەنگ بکە و هەمان کاری (define pattern) جێبەجێ بکەوە،



لاپەرەیەکی تریش بکەوە بە هەمان قەبارە ئەو جارەش لای خوارەوە رەنگ بکە وە کاری (define pattern)ەکە جێبەجێ بکەوە،

ئێستا ئەو وێنەیە بکەوە کە دەتەوێت چوار چێوەکەی بۆ درووست بکەی،
چینێکی نوێ دروست بکە،
بە ئامرازی (Single row marquee) سەری سەرەوەی وێنەکە دیاری بکە




دواتر برۆ بۆ [Edit --> Fill] وەک ئەم وێنەیەی لێ بکە




ئەو کارەی لە سەرەوەی وێنەکەت ئەنجام دا لە خوارەوەش ئەنجامی بدە
پاشان بە ئامرازی (Single column marquee) بەشی چەپ دەست نیشان بکە و برۆ بۆ [Edit --> Fill]






هەمان کار بۆ بەشی راست ئەنجام بدە،
دواتر چینێکی نوێ دروست بکە ئینجا بە ئامرازی (Single row marquee) سەرەوە و خوارەوەی دەست نیشان بکە و برۆ بۆ [Edit --> Fill] ئەم جارە (Custom Pattern) بگۆرە و وەک ئەم شێوەیەی لێ بکە،




ئەم جارە بە ئامرازی (Single column marquee) دەستە چاپ و راست دیاری بکەو هەمان کار ئەنجام بدە بەم شێوەیە،




دواتر وێنەکە بگوازەوە بۆ (Image Ready)



شێوازی پیشاندانی (Animation)ەکە بگۆرە بۆ (Make Frames From Layers)




دواتر لە هەردوو چینەکان ئەم چاوە بۆ Background دروست بکە تا Background ـەکە پیشان بدات لە هەدوو چینەکان،
کات بۆ گۆرینی چینەکان دابنێ،




ئێستا وێنەکەت پاشەکەوت بکە
< [File --> Save optimized as]
ئەوەش وێنەی کۆتای




کۆتایی.

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت